# پەیام بۆ ئازاد ئەحمەدو خەڵکی راپەڕیوی شاری رانیە
# بژی راپەڕینی خەڵکی رانیەو خەباتی بەردەوام دژی فەسادیو مشەخۆریی دەسەڵاتداران!

هاوری ئازاد ئەحمەد!

خەلکی ئازادیخوازی شاری رانیە!

لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە بە گەرمی پیروزبایی راپەرینو سەرکەوتنەکانتان لی دەکەم، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری نە تەنیا بە گەرمی پشتیوانی لە خەباتو داخوازیەکانی ئیوە دەکات، بەلکو بە هەموو توانا تیدەکۆشیت بۆ سەرخستنی یەکجاری ئەم خەباتەو دەستەبەرکردنی سەرجەم خواستو ئامانجەکانی ئیوەو خەلکی ئازادیخوازی کوردستان.

راپەرینی رۆژی 21ی حوزەیرانی جەماوەری ئازادیخوازی خەلکی رانیە بە ریزی هەزاران کەسی لە دژی فەسادو مشەخۆری دەسەلاتداران، حەلقەیەکە لە خەباتو نارەزایەتی جەماوەری ملیونی خەلکی کوردستان دژی ستەمکاریو تالانو برۆو گەندەلیەك کە سەرتاپای کوردستانی داگرتووە. سالەهایە نەفرەتو بیزاریەکی گەورە لە سنگی جەماوەری فراوانی خەلکدا پونگی خواردوە لە دژی تالانچیتیو فەسادی، لە دژی مشەخۆری بیٚ سنوری دامو دەزگاکانی هەردوو حیزبی دەسەلاتداری ناسیونالیستی کورد، لە دژی مۆنۆپول کردنی داهاتو دەسەلاتو ئابوری کوردستان لەلایەن ئەم حیزبانەوە، وە لە دژی یاری کردن بە چارەنوسی خەلكو زولمو زۆرداری ئەم حیزبانە. ماوەی یەکسالی رابردوو ئەم نارەزایەتیانە پەرەی سەندوەو بە شیوەی جۆراوجۆر خۆی نیشانداوە. بەلام رۆژی21ی حوزەیران ئیوە خەلکی رانیە بوونە پیشەنگی راپەرینی جەماوەری بۆ دەربرینی ئەم نەفرەتو نارەزایەتیە پونگ خواردوە لە ئاستی راپەرینو هاتنەمەیدانیکی گەورەدا.

ریزی فراوانی هەزاران کەسی ئیوەو یەکدەنگیتان، هاوشان لەگەل لیبراویو جسوری رابەرانتان، تەنها ریگای ملدان بە خواستەکانی خەلکی لەبەردەم دەسەلاتداران هیشتەوە. نە هەرەشەو نە هەولو تەقەلای دەسەلاتداران بۆ کپکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی خەلکی راپەریو هیچ کەلکیکی نەبوو. ئەمە زامنی ئەوەبوو کە لە گفتوگۆی ئازاد ئەحمەد وەکو رابەری ئەم راپەرینەو وەفدی نوینەرانی خەلك لەگەل دەسەلاتداران، سەرجەم داخوازیەکانی خەلك بەسەر دەسەلاتداراندا بسەپینن. ئەمە هەنگاویکی گەلیك گرنگ بوو، بە تایبەتی چاودیری نوینەرانی راستەوخۆی خەلك بەسەر پرۆژە خزمەتگوزاریەکانو چۆنیەتی خەرج کردنی داهاتەکان.

داهاتیکی بیٚ سنور دەرژیتە دەستی ئەم حیزبانەوەو بە تالان دەچیت. داهاتی نەوتو کارگەو دامەزراوەکان، باجو سەرانەو گومرەکەکان، تەنانەت زەویو زاری شارەکان تا دەگات بە بازارو تەندەرەکانو دەرفەتەکانی کارکردن، هەر هەمووی لەلایەن سەرانو بەرپرسانی هەردوو حیزبەوە دەستی بەسەردا گیراوە. کۆشكو تەلارو مولكو ژیانی شاهانەی رابەرانو سەرانو بەرپرسانی ئەم حیزبانە لە ناو خەلکدا بە حەق بە ژیانی فیرعەونەکان دەشوبهینریت. سەرچاوەی خەرجی هەموو دامو دەزگاو میلیشیا حیزبیەکانیان، خەرجی هەلسورانی سیاسیو تەخشانو پەخشانی پارەوپول بۆ نفوز کۆکردنەوەیان، تەنانەت پرکردنی گیرفانی حیزبەکانی دەستو پیوەندیان، داهاتی بەتالانبراوی خەلکە. تەنها ئەوەی لەبەردەستیان دەمینیتەوە دەبیتە بەشی ژیانی کولەمەرگی بۆ جەماوەری ملیونی کریکارانو زەحمەتکیشانو مامۆستایانو فەرمانبەران.

ئەمە تالانیەکی ئاشکراو بی پەردەیە کە فیرعەونەکانی کوردستان لە ژیرناوی تەجروبەی دیموکراسیدا بەریوەی دەبەن. جگە لە نەریتی عەشایەریو ئاغایەتیو مافیاگەری هیچ یاسایەکی دیکە نییە شەرعی ئەم تالانو برۆ ئاشکراو بیٚ پەردەیە بکات. جگە لە هاتنەمەیدانی ریزی فراوانو ریکخراوو یەکدەستی جەماوەری ملیونیش، هیچ ریگایەکی دیکە نیە بتوانیٚ بەری پیبگریٚ.

ئیوە خەلکی رانیە هەنگاویکی پیشەنگانەتان هەلگرت، ریزەکانتان مەحکەم بکەن، لە هەموو گەرەكو ناوەندەکانی کار کۆبونەوەی خۆتان ببەستن، نوینەرانی دلسۆزو جیگا متمانەی خۆتان هەلبژیرن، لە پشتی رابەرانی جەسوری خۆتان راوەستن. بە

هیچ جۆریكو به هیچ وەعدەو بەلینیك دەستتان شل نەكەنەوەو مەیدان چۆلنەكەن، ئەمە زامنی بەدیهاتنی ئامانجەكانتانە. نوینەرانی راستەوخۆی خەلك، نە تەنیا دەبێ چاودیری هەموو پرۆژە خزمەتگوزاریەكانو چۆنیەتی خەرجی داهاتەكان بكەن، بەلكو دەبێ لیكۆلینەوە لە سەرچاوەی ئەو هەموو سەروەتەی بەرپرسانی ئەحزابی دەسەلاتدار بكەن، داهاتە بە تالانبراوەكان بدۆزنەوەو بیگیرنەوە بۆ خزمەتی خەلك. دەبێ ئیدارەی شارو سەرجەم كاروباری خەلك بكەویتە دەست نوینەرانی راستەوخۆی خەلك. خەباتیكی بەردەوامو سەراسەریو لیبراو پیویستە بۆ دەرهینانی ژیانو گوزەرانو چارەنوسی خەلك لە ركیفی ئەم حیزبانە.
ئیتر دەبێ ئەم یاری كردنە بە چارەنوسی خەلك تەواو بیت.

بژی خەباتو راپەرینی خەلكی رانیە!

بژی ئازاد ئەحمەد!

**ریبوار ئەحمەد/ لەلایەن حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراقەوە**

**22ی حوزەیرانی 2005**